هەر ئافرەتێک ئازاری مێردەکەی بدات؛ خێزانەکەی لە حۆریەکان (حور العين) دەڵێت: ئازاری مەدە خودا لەناوت ببات! ئەو لای تۆ میوانە نزیکە لەوەی جێت بهێڵێت بەرەو لای ئێمە

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر ئافرەتێک ئازاری مێردەکەی بدات؛ خێزانەکەی لە حۆریەکان (حور العين) دەڵێت: ئازاری مەدە خودا لەناوت ببات! ئەو لای تۆ میوانە نزیکە لەوەی جێت بهێڵێت بەرەو لای ئێمە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی قسەی حۆریەکان (حور العين) دەکات سەبارەت بە ئەو ئافرەتەی ئازاری مێردەکەی دەدات لە دونیادا، ئەم مێردە میوانە لە دونیادا لە لای ئەو ونزیکە لەوەی جێی بهێڵێت وبچێت بەرەو لای خێزانەکانی لە بەهەشتدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5822